# تیرۆر، لێکۆڵینەوەی بکاران و چۆنیەتی بەرگرتن لێی

هەژێن
٢٠٠٥/٧/١٥

ڕەگوڕیشەی تیرۆر لە کوردستان، بۆ دوای داگیرکردنی عیراق یا تەقینەوەکانی لەندەن ناگەڕێتەوە، وەک ئەوەی دەسەلاتداران دەیانەوێ بیگەیێنن. بەڵکو سەرچاوەی تیرۆر لە خودی دەسەلاتدایە و دەسەڵات یەکەم لایەنی سەرەکییە، کە بەرژەوەندی لە هەمووان فرەتری لەم شێوازەی بەرەنگاری نەیاراندا هەیە و بوونی ئەم بەڵایە بە ڕاسەری کۆمەڵگەوە، دڵنەوایی و دڵنیاییە بۆ سەروەران.

پاش تەقینەوەکانی لەندەن، دەسەلاتدارانی کوردستان کەوتنەخۆ و بۆ نیشاندانی توانا و ئامادەییان، کۆمەڵە کەسانێکیان لە پشتپەردەوە هێنایە پێش. ئەمە بۆ خۆی جێگەی خۆشحاڵی هەموو ئازادیخوازێکە لە کوردستاندا، کە دەستی چەپەڵی ئەم باندانە بۆ جەماوەری مرۆڤایەتی پێشێلکراوی کوردستان دەربکەوێت. بەڵام ئەمە سەراپای پرسەکە و کۆتایی سیناریۆکە نییە، ئەمە هەوڵی بنەبڕکردنی تیرۆریزم نییە و ناشتوانێ ئەوە بێ، کە جەماوەر خوازیارییەتی. چونکە پازدە ساڵی ڕابوردوو و شێوازی مامەڵە و لێکۆڵینەوەی دەسەلاتداران لەگەڵ ئەم باندانە، شتێکی ترمان نیشاندەدات؛ پەیگیرنەبوونی دەسەلاتدارانی سۆران و بادینان، لە بنەبڕکردنی تیرۆر، کە وشکردن و دەرکێشانی ڕەگی ئەو هێزانەیە کە هەڵگری ئەم پەیامەن!

وەک وتم ڕەگوڕیشەی تیرۆر لە سەرهەڵدانی گروپە ئیسلامییەکان کۆنترە و سەرچاوەی لە تۆڵە سەندنەوەی خێڵەوە دەستپێدەکات، کە خودی پارتە دەسەلاتدارەکانی کوردستان بەخۆیان هەم خێڵەکین و هەم پارێزەری نەریت و ڕێوشوێنی خێڵایەتین لە کوردستاندا. ئەوان لە بەرامبەر یەکدی و لەبەرامبەر هەر هێز و بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازدا، لەم کارەدا دەستپێشخەری کەن. تیرۆری نەیاران چ لە شاخ و چ لە دوای ڕاپەڕینەوە، پەیامی خودی پارتە بۆرژوازییەکانی کورد بووە بۆ هەر کەس کە بیەوێ سەربەرز بکاتەوە؛ تیرۆری هەزاران ژن، دەیان نەیاری سیاسی و لەوانە کۆمونیستەکان، دیاردەی هەرە بەرچاوی پازدەساڵی ڕابوردوو بوون.

هێزە ئیسلامییەکانیش وەک بەرهەمی ئەو شەڕ و تیرۆرە و دەستگرتنیان لە لایەن لایەکی دەسەڵات بەرامبەر لاکەیتر و بەرهەمی نائومێدی نەوەیەک لەلاوانی دوای ڕاپەڕین، وەک قارچکی بەهار بە هەورەبروسکەی دەسەڵاتداران سەریان دەرهێنا، وابزانم کەس نکۆڵی لەمە ناکات و زۆربەمان لەسەر ئەمە تەباین. لە وەها بارێکدا، ئایا هێنانە سەر تەلەفزیۆنی چەند گچکە تیرۆریستێک و کۆتاییهێنان بە پرسەکە، بە خوێندنەوەی کارنامەی ئەم کەسانە، کۆتایی بە تیرۆر دێ و لاوان لە تێکەڵاوبوون بە وەها باندگەلێک دەگێڕێتەوە؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە، پێویستە بە شێوازی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی وەها بانگەلێکدا شۆڕبینەوە و لەو واقیعیەتە وردبینەوە، کە ئایا ترس دەتوانێ بەر بەو کارانە یا هێزگرتنەوەی ئەو گروپانە بگرێت؟ سەرەتا بە بڕوای من نا، چونکە ترس و توندوتیژی گەر ئەو کاراییەی هەبووایە، دەبوو لە سایەی ڕژێمی بۆرژوازی بەعسدا، هیچ هێزێک خۆی نەگرتایە و جەماوەریش هەرگیز بیری لە ڕزگاری نەکردایەتەوە. بەڵام واقیعیەت پێچەوانەی ئەم ئەنجامە چاوەڕوانکراوە، سەرئەنجامیکی چاوەڕوان نەکراومان دەخاتە بەردەم؛ کاردانەوەی توندووتیژتر بەرامبەر بەو کارە توندووتیژەی، کە بڕایار بوو، کۆتایی بە نەیاران بێنێت.

ئەوەی کە ئەورۆکە لە کوردستاندا، هەمان دەزگەکانی سەردەمی بەعس، هەر لە پەروەردە و فێرکردنەوە بیگرە تاوەکو مامەڵەی زیندانیان و لێکۆڵینەوە لە تاوانگەلێک کە خراونەتە پاڵیان یا پێیهەستاون، هەر لە یاساکانی باری کەسێتییەوە بیگرە تاکو شێوازەکانی دادوەری و یاسای بنەڕەتی، کاریان پێدەکرێ و کاران، وابزانم خودی دەسەلاتدارانیش ناتوانن، نکۆڵی لەوە بکەن! لە وەها بارێکدا، ئەو بنەمایانەی کە کۆمەڵگەیان لەسەر ڕێکخراوەتەوە و ڕاگیراوە، هیچکات یارمەتیدەری ئەوە نین، کە زەمینە بۆ لاوازکردن و گۆڕینی ڕەوتی لاوانێک، کە دەبنە قوربانی ئەم باندانە، خۆش بکرێت. هەڵبەتە من گلەیم لە دەسەلاتدارانی کوردستان نییە و کەسیش ناتوانێ ئەو گلەییەیان لیبکات، کە بۆ دیموکراتیزەی دەسەلات ناکەن، بۆ یاساکان و شێوازەکانی بەعس وەلانانێن (وەک هێندێک خوشباوەڕ پاگەندەی بۆ دەکەن)*. وەک وتم زیندان، ئەشکەنجە، لێکۆڵینەوە و بڕیاردان و دادوەری، هەمانن کە لە هەشتاکاندا هەبوون. بۆیە دەبینین، بەهێنانە سەر تێلەفزیۆنی چەند کەسێکی ڕیشن، کۆتایی بە پرسەکە دێنن و بکەرانی بنەڕەتی و هاندەرانی سەرەکی لە پشتپەردەوە دەمێننەوە و لە هەل و بارێکی گونجاو و ویستراوی تردا، دەست بۆ هەمان کار دەبەنەوە. ئەمە ئەو چاوشارکێیەیە کە دەسەڵاتداران لە گەڵ باندە دەستکردەکانی خۆیاندا دەیکەن!

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری مەبەستەکە، هێنانەوەی چەند نموونەیەک، دەتوانێت باشتر باسەکە شی بکاتەوە: لە نیوەی دووەمی دەهەی ٩٠ی سەدەی ڕابوردوو، لە کۆڕێکی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانی کوردستان (ڕ.س.ک) ئیسلامییەکان پەلاماری شاپور عەبدولقادر، ئەندامی کۆمیتەی باڵای کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان دەدەن و بە ئامادەبوونی هێزەکانی ئاسایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڕەشەی کوشتنی لێدەکەن، ئەمە کێچێک ناکاتە میوانی دەسەڵاتدارانی کوردستان. دواتر لەلایەن ئسلامییەکانەوە لە بنکەی کۆمەڵەی ئاوارەکاندا لەگەڵ هاوکارەکەی «قابیل»دا تیرۆر دەکرێت و پاش بێنەوبەردەیەکی زۆری پارتەکەی، حکومەتی هەرێم چەند کەسێک وەک ئەوەی ئێستا دێنێتە سەر تەلەفزیۆن و  ئاو بێنە و دەست بشۆ، کۆتایی بە هەموو شت دیت و دەبێ چاوەڕێی بەزەیی ئیسلامییەکان بین و بەڵکو کاری وا دووبارە نەکەنەوە. ئەمە هەموو ئامادەییەکی حکومەتی دیموکراتی هەرێمی کوردستان بوو، بۆ بنەبڕکردنی باندە ئیسلامییە تیرۆریستەکان، بۆیە ئەورۆکە نابێت، لە دەستەکەی شێخ زانا و لە ئاسمان کەوتنە خوارەوەیان سەرمان سوڕ بمێنێ!

کێ ئەو باندەی نارد، شاپور و هاوڕێکانی تیرۆر بکەن؟ پەیوەندی ئەوانەی پێشتر هەڕەشەیان لێکرد، بەمانەوە چییە و ڕێگری یاساییمان چییە بۆ بەرگرتن بەو هێزانە و لانیکەم کاڵکردنەوەی ئەو کەشە پڕ مەترسی و تیرۆرستییە؟ ئەمانە هیچی ئەرکی حکومەتی هەرێم - کە خۆی بە پارێزەری ژیان و ئاسایشی دانیشتوانی کوردستان دەزانێت- نین و ئاوڕیشیان لێناداتەوە! پرسیارێک کە لیرەدا یەخەمان دەگرێ، ئەوەیە: بۆچی و چی ڕێگری لە هەستان بەم کارە  دەکات؟ هێزێکی دەرەکی، بەرژەوەندی دەرەکی، بەرژەوەندی هاوبەش، ئەوە چییە لە دەرکەوتنی دەستە سەرەکییەکاندا دەمانترسێنێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ زۆرێک لە خوێنەران ئاشکرایە و تەنیا هێندە بەسە پەنجە لەسەر ئەوە دانێین، کە هەم ئەم باندانە بەزۆری دروستکرا و دەستگیرۆیی کراوی خۆیانن، هەم بوونی تیرۆر و ترس و دڵەڕاوکێ پاڵپشتیکەری خۆشیانە لە سەرکوتی هەر بزووتنێکی نەیاردا!

ئایا دەکرێ باوەڕ بەخۆمان بهێنین، کە باندەکەی شێخ زانا لە ئاسمانەوە بارییبێت و هیچ شانە و ڕێکخستنێکی سەروتری نەبێت، کۆمەڵێک سێکسخواز و پارەخواز، دەکرێ سەر بە دەزگەی ئاسایشی حکومەت خۆشی بن و چ پێویست بە جیهاد و ئسلامیش ناکات. باندێک کە پێویستی بە هەواڵدەری ئیسلامی (مخابرات اسلامی) هەبێت، کەواتە دەزگەیەک یا ڕێکخستنێک لە سەرویەوە هەیە، کە پێویستی بەو هەواڵانە هەیە، کە ئەو دەزگە هەواڵدەرییە، ئامادەی دەکات. منیش پێموایە کە هێزە ئیسلامییەکان پێویستیان بە وەها دەزگە و هەواڵدەرییەک

هەیە؛ پەنابردنی باندێکی ئیسلامی بۆ پەیوەندی سێکسی و خواردنەوەی ئەلکحول، ئاساییە و دەزگە هەواڵدەرییە دەوڵەتی و نیودەوڵەتی و تەنانەت پارتییەکانیش (بە پاراستن و زانیاریشەوە) پێویستیان بەم شێوازانەی پەیوەندیگرتن و کنەکردن و دەستەمۆکردنی لاوان هەیە، چونکە سروشتی سەروخەڵکی ئەم دەزگەیە ئەوە دەخوازێت و بەرژەوەندی و ویست و مۆڕالی جەماوەر لە خوار چەکمەی ئەندامانی ئەم دەزگەوە شوێن دەگرن! ئایا حکومەتی هەرێم ئامادەیە واوەتر بڕوات و بنەوانی ئەم ئاوە لێڵە بدۆزێتەوە و وشکی بکات؟ ئایا پارلەمانی کوردستان ئامادەیە بەندێک لە یاسای بنەڕەتی حکومەتەکەیاندا دارێژێ، کە هێزەکان ناچار بە دەستهەڵگرتن لە توندووتیژی و تیرۆر بکات؟ ئایا دادگەی حکومەتی هەرێم ئامادەیە، لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی جەماوەر و پاراستنی ئاسایش و پارێزراوبوونی ئازادییە تاکە کەسییەکان، ئەو مەلا و گروپە ئیسلامیانە ڕاکێشی بەردەم دادوەری بکات، کە هەڕەشەی کوشتن لە گۆرانیبێژ، هۆنەر، نوسەر، هەڵسوراوانی ژنان دەکەن؟

ئەمە گرێکوێرەی پرسەکەیە، لەسەر سکاڵای گروپە ئیسلامییەکان و مەلاکان، حکومەتی هەرێم هەردەم ڕۆڵی حەسحەسی لە داخستنی ڕاگرتنی گۆڤار و داخستنی بنکە ڕۆشنبیریەکاندا بینووە و مەلا هەڕەشەکەرەکان، خەڵاتکراون؛ لەبەرامبەردا ئازادئەندێشان سزادروان، زیندانی کراون، تیرۆرکراون، شاربەدەر کراون و ئاوارەی هەندەران کراون! ئەمە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کورستان بە سۆران و بادینانییەوە بووە، لە پاراستنی ئاسایشی جەماوەردا. ئیتر بۆ دەبێ سەرهەڵدانی باندی وەک باندەکەی (شێخ عالم) سەرسوڕهێنەر بێ؟ ئاخر جیاکردنەوە و تەریککردنەوەی دەستەکەی شێخ زانا لە سەرەوەیان، بەڕای من تەواوکەری ئەو هەوڵەی ئیسلامییەکانە، کە لە پازدە ساڵی ڕابوردوودا بۆ چەواشەکردنی جەماوەری کوردستان داویانە؛ بەوەی کە هەر گروپیکیان کەوتبێتە بەر فشار و ڕسوایی، دەستبەجێ هەندێکیان جیابوونەتەوە و گروپێکی‌تریان دروستکردووە. بەمجۆرە هەم توانیویانە کەسانی‌تر لە خشتە بەرن و هەم فشار و مەترسی بۆ سەر خۆیان، بە دابەشکردنی خۆیان لاوازکەن. لەلایەکی ترەوە، کۆمەکێکی مادی فرەتر لە دوو حکومەتەکەی کوردستان وەرگرن. بە واتایەکی‌تر ئەگەر فشار و مەترسی لەسەر سانتمەترێک بە ئەندازەی ١٠٠٠ یەکە بێت، ئەوا بە وێنەگرتنەوەی ئەو سانتیمەترە ١٠ جاری‌تر، فشار و مەترسییە ١٠٠٠ یەکەییەکە بەسەر ١٠ سانیتمەتری تردا دابەش دەبێت و زۆری فشارەکە لەسەر گروپی سەرەکی یا دەبێتە ١٠٠ یا بە سڕبوونی لە چالاکیدا و جێگرتنەوەی لەلایەن ١٠ گروپی ترەوە کاردانەوەیان بەرامبەر فشار و مەترسییەکە زیاتر دەبێت، ئەمە لەمەڕ کۆمەکی دارایی حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئەم هێزانە هەر ڕاستە، ئەگەر بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی عیراق (باکع) ٢،٥ ملیۆن دیناری سویسری بودجەی بووبێ لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا بە وەچەخستنەوەی (دروستبوونی: یەکگرتوو، نەهزە، کۆمەڵی ئیسلامی و جندالله و هەزار و یەک باندی‌تر..) زیاتر سوودیان لە توانا ماددیەکانی کۆمەڵگە وەرگرتووە. ئەمە ئەو یارییەیە کە ئیسلامییەکان لە پازدە ساڵی ڕابوردوودا دەستیان داوەتێ و حکومەتەکانی کوردستانیش، خەریکی چەپڵەلیدان بوون بۆیان. ئایا خۆناساندنی دەستەکەی شیخ زانا، هەوڵێک نییە بۆ دەرکێشانی چمکی عەبای ڕێکخستنە سەرەکییەکەیان لەم لیتاوەی تێیکەوتوون؟ بەڕای من یا دەستەکەی شێخ زانا سەربە گروپێکی سەرەکی ئیسلامییەکانی کوردستانن یا باندێکی مافیایی ناو دەزگەی ئاسایشی حکومەتی هەرێمن و دەیانەوێ بەم سیناریۆیە پەردە بەسەر چەپەڵی دامودەزگەکانی خۆیاندا بدەن!

گەیشتن بەم سەرەنجامە، لە ویستی منەوە نییە و لۆژیکی هەواڵەکە و لێکدانەوەی پرسەکە و بەڵگەکان بەوەمان دەگەیێنن. ئەگەر دەسەلاتدارانی کوردستان دەیانەوێت، نیشانەی پرسیار و سەرسوڕمان لەسەر بەرکارەکانیان لادەن، ئەوا دەبێت ئەم ڕووداوەش وەک ئەوانی پێشتر سەر نەنرێتەوە و وەک سەرەداوێک بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی ئەم هەولانە لە کوردستان و بنەبڕکردنی، کاری لەسەر بکرێت. لەوێوە کە من دڵنیام، هەم شێوازی لێکۆڵینەوەی حکومەتی هەرێم نامرۆڤانەیە و هەم حکومەتی هەرێم ئامادە نییە، دەستبەرداری ئەم باندە تیرۆستانە بێت، پێموایە تەنیا هیوایەک لە کۆتاییهێنان بەم هەوڵە تیرۆستیانە، بە ئامادەیی جەماوەر و

پێداگری شارەزایانی بواری داد و یاسا و ئازادیخوازان لەسەر بەدواداچوونی ڕەگو بنەوانی ئەم باندانە، دەتوانین پشتی پێ ببەستین؛ واتە ناچارکردنی حکومەتی هەرێم بە گۆڕینی یاساکانی سەردەمی بەعس و هەڵوەساندنەوەی دەزگەکانی ئەو ڕژێمە. دەزانم لە عیراقی یەکگرتوودا، دەبێت کار بۆ گۆڕین لەسەر ئاستی سەرتاسەری بکرێت، بەڵام وەک بنەمایەکی فیدراڵی و وەک سەرەتایەک بۆ دەستبەکاربوون، هیچ بیانوویەک ناتوانێت لە هەستان بەو کارە لە کوردستاندا بمانگێڕێتەوە. مەگەر ناوەندە نێونەتەوەییەکان و داگیرکەران و حکومەتی کاتی عیراقیش پاگەندەی دژایەتی تیرۆر ناکەن، دەی کەواتە دەستبەکار بوون بۆ کارێکی وەها لە کوردستاندا و لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، هیچ ڕێگرییەکی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆیی بۆ قوتنابێتەوە، بێجگە لەبەرهەلستی ئیسلامییەکان و پێداگریان لەسەر پاراستنی یەکدی لەبەرامبەر جەماوەردا، هەروەک ئەمیری موسولمانان ( رابەری کۆمەڵەی ئیسلامی) لەبەرامبەر پرسیارێکی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا لەمەر دژایەتی و تاوانبارکردنی قەسابخانەکەی «خێڵی حەمە»دا وتی ناتوانین پشت بکەینە برایەکی موسولمان بۆ هێزێکی دونیایی!

ئەگەر کەسانێک هەن و باس لە ئازادیخوازی، چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی، لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی لەسەر ژنان، مسۆگەرکردنی ئازادییە کەسییەکان و کۆمەڵگەی سکیولاریست دەکەن و هەوڵی فەلسەفاندنی ئازادی تاک و ئاوەزگیرکردنی دەسەلات دەدەن، ئەوا بەبێ ڕۆشنکردنەوەی ئاسۆی نەوەی نوێ و لاوان، بێ جیاکردنەوەی ئایین و دەسەلات، بێ سەپاندنی ئازادییە گشتییەکان، ئەستەمە میلیمێک پاشەکشێ بە هێزە تیرۆریستییەکان، کە دەسەلات و توانایی ماددی کۆمەڵگە و یاسا بنەڕەتییەکان پشتیوانییان لێدەکەن، بکرێت.

※ جەماوەر لە ئازاری ١٩٩١دا خرۆشا و لە ڕاپەڕینێکی خۆبەخۆدا، دەسەلاتی سەربازییانەی بۆرژوازی بەعسی عەرەبی ڕاماڵی، بەڵام تێکشکانی کتوپڕ و پیلانکراوی ئەم ڕاپەڕینە، بووە ڕێگری ڕاماڵینی دامودەزگە و یاساکانی دیکتاتۆر و ئەم پەیامەی ڕاپەڕین تا هەنووکەش لە شوێنی خۆیدا ماوەتەوە. ئاساییە کە بۆرژوازی کورد بۆ خۆگرتن و پاشەکشێ کردن بەجەماوەر، سوود لە دەزگەکانی بۆرژوازی عەرەب (بەعس) وەربگرێت و ببێتە میراتگری. بەڵکو ئەوە ئەرکی جەماوەری ئازادیخوازە و ملدانی بۆرژوازی کوردیش وەک بۆرژوازی هەر وڵاتێکیتر، بە ئازادییە گشتییەکان و سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری لە دەسەلاتی خێڵ و پارت، تەنیا لە گرەوی ئامادەیی بزووتنە جەماوەرییەکاندایە بۆ کۆتایی بە پاشماوەکانی بەعس!